پەیک
ڕۆژنامە
14
بڵاوکراوەیەکی فەرهەنگیی – کلتووریی (ڕۆژنامە)یە، دوو هەفتە جارێک دەردەچێت
سێشەممە ٢٠١١/٦/٢١

## نامەیەکی سەلاح حەسەن پاڵەوان بۆ عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی



لە نامەیەکدا کە (١٤) ساڵ پێش ئێستا ڕووناکبیر "سەلاح حەسەن پاڵەوان" بۆ نووسەرو ڕەخنەگر "عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی" ناردووە، باس لە ڕۆمانێکی نوێی دەکات، کە گەیشتووەتە کۆتایی و زیاد لە (٣٠٠) لاپەڕەیە.

پاڵەوان، لە بارەی ڕۆمانەکەیەوە وێنەیەکی ڕیالیزمی جادوویی نیشان دەدات و دەنووسێت: "لە ڕۆمانەکەدا پاڵەوان خۆمم، لە خەونێکی لەپڕدا دەبمە سەگ".

سەبارەت بە سەرلەنوێ دەرکردنەوەی گۆڤاری "گەلاوێژی نوێ" بۆ عەبدوڵڵا تاهیر دەنووسێت: "هیوادارم گۆڤارەکەتان ئەو توانایەی تیدابێت کە شتی نوێ پێشکەش بکات"، لە نامەکەدا سەلاح داوا لە بەرزنجی دەکات: کە ئەگەر دیوانی تازەی هەیە، بینرێت لە هوڵندا ئەم بۆی چاپ بکات، نامەکە باس لە دەرکردنەوەی گۆڤاری "پرۆژە" دەکـاتو بۆ ئەو بابەتە داوای هاوکاریی لە عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی دەکات.

**دەقی نامەکە لە لاپەرە (٧)ی "پەیک"دا بخوێننەوە.**

# لە کوردستانەوە بۆ مانچستەر

# (١٦) میوان کێشەی فیزایان بۆ دروست دەبێت

پەیک ناوەندی داهێنانی فیلمی کوردیی خولی پێنجەمی (فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی مانچستەر) لە بەریتانیا ڕێکدەخات.

فێستیڤاڵەکە ماوەی چوار ڕۆژ دەخایەنێت، کە تێیدا چەند فیلمێکی درێژ و کورت نمایش دەکرێن، لە نێویاندا فیلمی "شەوی حساب"، لە نووسینی بەختیار عەلی و دەرهێنانی حوسێن سێودین و فیلمی "گەڕەکی داهۆڵەکان"، نووسینی شێرزاد حەسەن و دەرهێنانی حەسەن عەلی، هەیە.

ئالان ئەمین، بەڕێوەبەری گشتیی فێستیڤاڵەکە تایبەت بۆ "پەیک" وتی: "هەوڵم داوە ساڵ بەساڵ پرۆژەی نوێ و شتی جیاواز بێنمە ناو چالاکییەکانی فێستیڤاڵەوە، تا لەوڕێیەوە شارستانییەتی کوردیی بە دەوروبەر بناسێنین و ببینە پلاتفۆرمێک بۆ نمایشکردنی فیلمی کوردیی و ناساندنی فیلمی کوردیی بە جیهان"، لە فێستیڤاڵی مانچستەردا پێشبڕکێ نییەو خەڵات دابەش ناکرێت.

بە بڕوای بەڕێوەبەری فێستیڤاڵەکە: «ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە فیلمی کوردیی هێشتا لە سەرەتای کارواندایە».

سەبارەت بە بانگێشتکردنی میوان لە کوردستانەوە، ئالان ئەمین بە "پەیک"ی وت: "گەورەترین کێشەمان کێشەی ڤیزایە، ئێمە (١٦) دەرهێنەر و بەرهەمهێن و ئەکتەر و فیلمکارمان بانگێشت کردووە، بەڵام بەداخەوە کێشەی فیزایان هەیە".

فێستیڤاڵەکە، لە (٢٥-٢٨)ی حوزەیرانی (٢٠١١) نمایشەکانی لە "کۆرنەر هاوس سینەما" و "زایۆن ئارتس سەنتەر" لە شاری مانچستەر لە بەریتانیا، ساز دەکات. چاوەڕواندەکرێت بینەرێکی بەرچاو لە هەموو نەتەوە جیاوازەکان بۆ بینینی نمایشەکان بێنە فێستیڤاڵەکەوە.



گرتەیەک لە فیلمێکی بەشداربووی فێستیڤاڵەکە

# «ئەرخەوان» دەچێتە ئەنتۆلۆژیای شیعری جیهانییەوە



پەیک ئەنتۆلۆژیایەکی شیعری جیهانیی ژنان لە پاریس بەچاپ دەگات و ژنێکی کوردیش وەک یەکەم شاعیری کورد ناوی دەچێتە ئەو کتێبەوە.

شاعیرو چیرۆکنووس و وەرگێڕ «ئەرخەوان» لە لێدوانێکدا بۆ «پەیک» هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوە و ڕایگەیاند: ئەنتۆلۆژیاکە بە زمانی فەرەنسی چاپ دەبێت و بەشێکی زۆری ژنە شاعیرە بەناوبانگەکانی میللەتە جیاوازەکانی دنیای لەخۆ گرتووە.

ژنە شاعیری جەزائیریی، «زەینەب الاعوج» مامۆستای ئەدەبی عەرەبی لە زانکۆی پاریس، شیعرەکانی ئەرخەوان-ی لە عەرەبییەوە بۆ فەرەنسی بۆ ئەو ئەنتۆلۆژیایە ئامادە و وەرگێڕاوە.

# کریس کۆچێرا، مێژووی خۆپیشاندانەکانی کوردستان دەنووسێتەوە



پەیک **زمناکۆ ئیسماعیل**

کریس کۆچێرای نووسەرو مێژوونووسی فەرەنسی ئێستا لە هەرێمی کوردستانەو بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکانی شەست و دوو ڕۆژی خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان دەکات.

ئەو دەیەوێت تەواوی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان لە وشە مێژووییەکانیدا بەرجەستە بکات. کۆچێرا بۆ «پەیک» جەختی لەوەکردەوە، کە: «خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان سەنگ و قورسایی خۆیان هەبووە و کاریگەربوون لەسەر دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا».

بەو حوکمەی ئەو لەسەر مێژووی کورد کار دەکات، کۆچێرا هۆکاری هاتنی ئەمجارەی خۆی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە «ڕووداو و خۆپیشاندانەکان، کاریگەرییان لەسەر دەروونی ئەو هەبووە».

لەم سەردانە تایبەتەیدا، لە نزیکەوە ئەندامانی ئەنجومەنی کاتیی سەرای ئازادیی و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانە مەدەنییەکانی بینیوەو ڕووداوەکانی لە زاری ئەوانەوە نووسیوەتەوە. لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ «پەیک» مێژوونووس کریس کۆچێرا، وتی: «هێشتا بڕیارم نەداوە کە ئەو ڕووداوانە دەکەمە کتێبێکی مێژوویی، یان نا».

# سارتەر؛ دەچێتە سلێمانی

پەیک **ئاکام تاهیر**

هونەرمەندانی شانۆکار «پێشڕەو حسێن» و «کاردۆ عەزیز»، لە ئەزموونێکی نوێیاندا سەرقاڵی دەرهێنانی شانۆیی «گوناهبارانی ئاڵتوونا»ن، کە دەقی نووسەر و فەیلەسوفی فەرەنسی "ژان پۆڵ سارتەر"ە.

لەبارەی کارەکەیانەوە، "پێشڕەو حسێن" تایبەت بۆ "پەیک" وتی: "ئەم نمایشە باس لە مەسەلە وجودییەکان و مەسەلەی گوناه دەکات، کێن ئەو کەسانەی کە لە دوای جەنگەکان تاوانبارن؟ ئایا بکوژ تاوانبارە یان قوربانیی، ئەو کەسەی کە تاوانەکەی لێوەشاوەتەوە، جەللادە، یان ئەو کەسەی کە کوژراوە؟".

وتیشی: "ئەم نمایشە خۆی لەگەڵ ساتەوەختی مێژوویی و هەستیاری میللەتەکەی ئێمەدا دەبینێتەوە، کە ئەویش قۆناغی داننانە بە تاوانەکاندا، دانپیانان لەبەردەم ڕاستییەکاندا، کە پێموایە تائێستا لە مێژووی ئێمەدا ئەم قۆناغە نەهاتووە، ئەوکەسانەی کە پێویستە دان بە تاوانەکانیاندا بنێن، بەڕاستیی دانیان بەتاوانەکانیاندا نەناوە».

ماوەی مانگێکە پرۆڤەی «گوناهبارانی ئاڵتوونا» دەستی پێکردووەو بڕیارە لە فێستیڤاڵی شانۆدا لە سلێمانی، کە "بڕیارە مانگی یانزە سازبکرێت" نمایش بکرێت.



ئەکتەرەکانی شانۆییەکە

# پاستێل سێ هونەرمەند دەباتە «مۆزەخانە»





پەیک هونەرمەندان "کەریم ئەمین، ستار قادر، سەعید ئیسماعیل" لە خۆئامادەکردندان بۆ پێشانگەیەکی هاوبەش، کە چالاکییەکی بەڕێوبەرێتیی هونەری شێوەکارییە لە سلێمانی.

هونەرمەندی شێوەکار، ستار قادر، لەبارەی کارەهاوبەشەکەیانەوە تایبەت بە «پەیک»ی ڕاگەیاند: «ئەوەی ئێمە لەم پێشانگەیەدا پێکەوە کۆدەکاتەوە، بە پلەی یەکەم ڕەنگی پاستێلە و دواتر ئەو ڕەنگاوڕەنگییەیە، کە لە تابلۆ جیاوازەکانماندا خراوەتە ڕوو».

بڕیارە ڕۆژی (٦/٢٦) لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی، ئەو پێشانگەیە بکرێتەوە.

# دوو ڕاهێنەری ئەڵمانیی

# «پانتۆمایم و کڵاون» دەبەنە سلێمانی

پەیک بەڕێوەبەرێتیی هونەری شانۆی سلێمانی، لە ڕۆژانی (١٦-٢٠١١/٦/٣٠)، وۆرکشۆپێک بۆ شانۆیی "پانتۆمایم و کڵاون" بۆ شانۆکارانی کوڕان و کچانی سلێمانی دەکاتەوە.

لە وۆرکشۆپەکەدا، هەردوو هونەرمەندی ناسراوی ئەڵمانیی "لۆکاس و مارلین"، مەشق و ڕاهێنان بەفێرخوازانی بەشداربووی وۆرکشۆپەکە دەکەن.

لەوبارەیەوە، بورهان قەرەداغی، بەڕێوەبەری هونەری شانۆ لە سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ "پەیک" وتی: لە سەرەتای ئەمساڵ و لە چوارچێوەی پلانی تایبەت بە چالاکییەکانمان، کردنەوەی ئەم وۆرکشۆپەمان خستە بەرنامەی کارەوە و خۆشبەختانە دوای پەیوەندیکردن بەم دوو هونەرمەندە ئەڵمانییەوە، توانیمان هەوڵەکانمان بەئاکام بگات و لە ڕۆژانی (١٦-٣٠)ی ئەم مانگە، وۆرکشۆپەکە ئەنجام بدەین".

بورهان قەرەداغی، ئاشکراشی کرد: "یەکەمین جارە لەسەر ئاستی سلێمانی، وۆرکشۆپێکی لەمجۆرە بۆ پانتۆمایم و کڵاون بکرێتەوە، هەربۆیە دەمانەوێت لەم تەرزە هونەرییەدا، شانۆکارانی ئێمە ئەزموون وەربگرن و شارەزا ببن"، ئاماژەی بەوەش کرد: هەر لە چوارچێوەی وۆرکشۆپەکەدا، دوو نمایشی پانتۆمایم و کڵاون، بە سەرپەرشتی هەردوو ڕاهێنەری ئەڵمانیی نمایشدەکرێن، کە یەکێکیان لە هۆڵی داخراودا دەبێت و ئەوی دیکەیشیان لەسەر شەقام.

ڕۆژانە لە سەعات (٩-١٢)ی پێش نیوەڕۆ، لەلایەن هەردوو هونەرمەندی ئەڵمانییەوە "لۆکاس و مارلین" مەشق و ڕاهێنان بە فێرخوازەکان دەکرێت.

